# مامۆستا (سجّادی) و ڕێبازی لە مێژوونووسیی ئەدەبییدا

## پێشەکی

ئەدەبیاتناسیی (زانستی ئەدەب) لە سێ لقی سەرەکی پێکهاتووە؛ تیۆری ئەدەبی، ڕەخنەی ئەدەبی، مێژووی ئەدەبی.

لقی یەکەم (تیۆری ئەدەبی)، باس لە چییەتی و بنەماکانی ئەدەب دەکات، لە مەسەلەکانی تایبەت بە کرۆك و سروشت و سەرهەڵدانی ئەدەب و دەکۆڵێتەوە.

لقی دووەم، واتە (ڕەخنەی ئەدەبی)، بریتییە لە کۆمەڵێك تیۆر و میتۆدی ڕەخنەیی سەبارەت بە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی ئەدەب و دواتر بڕیاردان لەسەریان.

ئەم دوو لقە زانستەی ئەدەبیات، دوو لقی زانستی ستاندارد و جیهانین. لە هەموو شوێنێك و لای هەموو میللەتاندا بە هەمان چەمك و پێوەر و چوارچێوە پێڕەودەکرێن، تەنها کەرەستە و بابەتی لێکۆڵینەوەکان دەگۆڕێن.

هەرچی پەیوەندی بە لقی سێیەمی ئەدەبیاتناسییەوە هەیە، کە بریتییە لە (مێژووی ئەدەبی)، ئەمەیان لایەنێکی تایبەتییە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبییدا و لای هەر گەل و نەتەوەیەك سروشت و ڕێباز و سیمایەکی تایبەتی هەیە. واتە هەر گەل و نەتەوەیەك مێژوویەکی ئەدەبیی تایبەت بە خۆی هەیە، کە بریتییە لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی ئەو گەل و میللەتە.

بەم پێیە، مێژووی ئەدەبیی کوردیش لە هی میللەتانی دیکە جیادەبێتەوە و ڕێباز و ڕێچکەیەکی تایبەت و سەربەخۆ وەردەگرێت کە بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ڕەوت و ڕێڕەوی مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی ئەدەبیاتی کوردی.

لەم ڕوانگەیەوە دەخوازین بپەرژێینە سەر تیۆر و میتۆدەکانی مێژوونووسیی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی و مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی بە شێوەیەکی تایبەتی، لەوێشەوە ڕێبازی مێژوونووسی مامۆستا (سجّادی) لە کتێبە ناودارەکەیدا (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی هەڵدەسەنگێنین، لە دواییشدا، بە مەبەستی تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبی کوردیمان بە شێوەیەکی ڕێك و ڕەوان و گونجاو، پێشنیازی ڕێبازێکی ڕاست و دروست و زانستی دەکەین.

توێژینەوەکەمان لە سێ تەوەری سەرەکیی پێکدێت، هەر تەوەرێکیش چەند بڕگە و بابەتێك لەخۆدەگرێت. بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە تەوەری یەکەمدا؛ تیۆر و میتۆدەکانی مێژوونووسیی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی خراونەتە بەرباس.

لە تەوەری دووەمیشدا، باس لە مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی بە شێوەیەکی تایبەتی کراوە و کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی مامۆستا (سجّادی) بە نموونە وەرگیراوە.

هەرچی تەوەری سێیەم و کۆتاییشە، ئەوا پێشنیازکردنی میتۆدی زانستی و گونجاو بۆ نووسینەوە و تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبی کوردی خراوەتەڕوو.

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانە تۆمارکراون کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە. ئینجا لیستی سەرچاوەکان و دواتریش پوختەیەکی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی خراونەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم

## تیۆر و میتۆدەکانی مێژوونووسیی ئەدەبیی بە شێوەیەکی گشتی

1. **مێژوونووسیی ئەدەبی بە گوێرەی قۆناغە ئەدەبییەکان:** بریتییە لە ڕێبازێکی گێڕانەوەیی – وەسفیی بۆ مێژووی ئەدەب و قۆناغەکانی، بە گوێرەی سەردەم قۆناغەکانی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر گەل و کۆمەڵگایەك. ئەمە دوو شێوەی وەرگرتووە:

أ- **بە پێی قۆناغەکانی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر گەل و نەتەوەیەك:** بە نموونەی مێژووی ئەدەبی عەرەبی کە بە پێی قۆناغەکانی مێژووی سیاسی – کۆمەڵایەتی دەوڵەتی عەرەبی و ئیسلامی نووسراوەتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- سەردەمی جاهیلی.
- سەردەمی ئیسلام.
- سەردەمی ئومەوی.
- سەردەمی عەبباسی.
- سەردەمی دەوڵەتۆکە و میرایەتییەکان.
- سەردەمی نوێ. (الفاخوري، ١٩٥٣)

ب- **مێژوونووسیی ئەدەبی لە شێوەی ساڵنامە (کرۆنۆلۆجی):** ئەمە تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبە لە کۆنەوە بۆ نوێ و بۆ ئێستا بە گوێرەی ساڵنامە و ڕۆژژمێرەکان وەك ئەوەی لای مێژوونووسانی ئەدەبی کوردی پێڕەوی لێ کراوە، (بەرگەکانی کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، بە نموونە) (خەزنەدار، ٢٠٠١ – ٢٠٠٦).

2. **مێژوونووسیی ئەدەبی بە گوێرەی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان:** ئەم شێوەیە لە تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبیات لەگەڵ ڕێباز و قوتابخانەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، لە کۆنەوە بۆ ئێستا، یەك دەگرێتەوە. واتە شیکردنەوەی گەشەسەندن و پەرەسەندنی قۆناغەکانی مێژوویی ئەدەبیاتە پێ بە پێ لەگەڵ گەشەکردن و داکەوتنی ڕێباز و قوتابخانە ڕەخنەییەکان لە وێنەی (کلاسیزم، ڕۆمانسیزم، ڕیالیزم، سیمبۆلیزم... تاد).
ئەم میتۆدە لە مێژوونووسی ئەدەبیات زیاتر لە لای گەلانی ئەوروپاوە پێڕەوی لێ کراوە، کە هەڵقوڵاوی سروشتی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەدەبیاتی ئەو گەلانەیە کە لە یەك ڕەچەڵەکەوە هاتوون و گەشەسەندن و گۆڕان و پێشکەوتنی ئەدەبیاتیشیان تا ڕادەیەکی زۆر چون یەك و هاوشان بووە (التکریتي، ١٩٩٠، ٧).

3. **مێژوونووسیی ئەدەبی بە گوێرەی هونەرەکانی ئەدەب و ژانرە ئەدەبییەکان:** ئەم ڕێبازە لە مێژوونووسیی ئەدەبییدا دوو ڕێگەی گرتووەتەبەر:

أ- **بەپێی هونەرەکانی ئەدەب (مێژووی شیعر – مێژووی پەخشان):** ئەم ڕێچکەیە هەردوو و پەرەسەندنی هەر لقێکیان دەکات. لەناو مێژوونووسانی ئەدەبی عەرەبییدا، ئەم ڕێبازە بەدیدەکرێت، لە زێنەی (د. شوقي ضیف) لە هەردوو کتێبە ناودارەکەیدا (الفن المسرحي في الشعر العربي) و (الفن و مذاهبه في الشعر العربي).

**ب- بەپێی ژانرە ئەدەبییەکان:** ئەم ڕێچکەیە پەیوەستە بە بنیاتی بەرهەم و جۆرە ئەدەبییەکان بە گوێرەی دەرکەوتن و گۆڕان گەشەکردنیان بە شێوەیەکی. لێرەدا مێژووی ئەدەبی دەبێت بە مێژووی کۆی جۆرە ئەدەبییەکان و دەرکەوتنیان لە کۆنەوە بۆ تازە، لە نموونەی (لیریك، داستان، تراژیدیا، ڕۆمان... تاد)، هەروەها باس لە کوێربوونەوە و لەدایکبوونی ژانری تازەش دەکات، وەك چۆن ڕۆمان بە میراتگری هەقایەتی فۆلکلۆری و شیعری داستانییدا گرێدەدرێتەوە. لەم بوارەدا دەستەیەك لە پسپۆرانی سۆڤییەتی کۆن لە کتێبی (تیۆری ئەدەب)دا، مێژووی ئەدەبیاتی جیهانیان بەم شێوەیە تۆمارکردووە (عدد من الباحثين السوفييت، 1980).

4. **مێژوونووسیی ئەدەبی وەك بەشێك لە سیستەمی کۆمەڵایەتی:** ئەمیان وەکو میتۆدی هاوچەرخی مێژوونووسیی ئەدەبی دەناسرێت و بانگەشەی بۆ دەکرێت، تیایدا ئەدەب وەك بەشێك لە (سیستەمی هونەری) پێناسە دەکات و ئەویش لەپاڵ سیستەمگەلێکی وەك (ئاینیی و پەروەردەیی) هاوکاردەبێت لە پێکهاتەی (سیستەمی ڕۆشنبیری) هەر کۆمەڵگایەك، ئینجا لە ئەنجامی گەلەکۆمەکێی سیستەمگەلی دیکەی وەکو (زانستی، ئابووری، سیاسی)، هەر هەموویان هاوکاردەبن لە پێکهێنانی سیستەمی کۆمەڵایەتی گشتی هەر کۆمەڵگایەك لە سەردەمێکی دیاریکراودا (موازان، ٢٠١٠، ١٤ – ٣٤)، وەك لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:






## تەوەری دووەم

## مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی، کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی مامۆستا (سجّادی) بە نموونە

مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی، وەك هەر لایەنێکی دیکەی ژیانی ڕوناکبیرییمان، لەبەر هۆکارگەلێکی مێژوویی و سیاسی، درەنگ دەستی پێکردووە. دەشێت سەرەتاکانی سەدەی بیستەم وەکو دەستپێکی ڕێنیسانس و سەردەمی بووژانەوە لە ژیانی ڕوناکبیری کوردی لە بوارەکانی (ڕۆژنامەنووسیی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ژانرە ئەدەبییەکان) بژمێردرێت. هەوڵەکانی مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی بە شێوەیەکی پێشکەوتوو بەم شێوەیە چەکەرەیکردووە:

1. لە سەرەتاوە کتێبی (ئەنجومەنی ئەدیبان)ی زانای بەهرەمەند (ئەمین فەیزی بەگ / ١٨٦٠ – ١٩٢٨ز) دێت، کە لە ساڵی (١٩٢٠ز)دا لە ئەستەمبوڵ چاپ و بڵاوبووەتەوە. ئەمەیان بە هەوڵێکی تا ڕادەیەك پێشکەوتوو و پێگەیشتوو لەقەڵەم دەدرێت و تیایدا بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و وردبینانە ژیان و بەرهەمی پۆلێك لە شاعیرانی کوردی تۆمارکردووە (فیضی بەگ، ١٩٨٣).
2. کۆمەڵە شیعری شاعیرانی کورد، عەبدولکەریم هەکزی، سلێمانی، ١٩٣٨.
3. گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەصرم، عەلی کەمال باپیر ئاغا، سلێمانی، ١٩٣٩.
4. شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٤١.
5. مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، بەغدا، ١٩٥٢.

دیارە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی مامۆستا (سجادی) وەکو سەرتۆپی هەموو کارەکانی پێش خۆی دێت. لە ڕۆژگار و سەردەمی خۆیدا ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ بووە لە بواری فەرهەنگ و ڕوناکبیریی کوردیدا. ئەگەر بێت و لە ئێستادا و لەبەر ڕۆشنایی پێشکەوتنەکانی ئەدەب و زانستدا بە چاوێکی ڕەخنەگرانە و زانستی هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، ئەوا دەکرێت کۆمەڵێك سەرنج و تێبینی لەو بارەیەوە بخەینەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- بەپێی ڕێبازێکی کۆن و تەقلیدی نووسراوەتەوە، ئەویش بە چاولێکەری لە هەندێك کتێب و شوێنەواری دێرینی عەرەب و عەجەم لە وێنەی (طبقات الشعراء، تذكرة الشعراء، گلزار شاعران، ... تاد).

- لەنگەری بایەخدان لەم کتێبەدا، زیاتر خراوەتە سەر شیعر و شاعیرانی کورد. بەم کارەش بەشێکی گرنگ لە ئەدەبی کوردیدا فەرامۆشکراوە کە بریتییە لە هونەرەکانی پەخشان.
- بە شێوەیەکی دەستەبژێر و ئینتیقائی دەستەیەك لە شاعیرانی (کۆن و کلاسیك)ی کوردی هەڵبژاردووە، ئینجا بەپێی ڕێبازی ساڵنامە (لە کۆنەوە بۆ نوێ) ڕیزیکردوون. کە هەر جۆرێك لە ناتەبایی و نەگونجان لەنێوان قۆناغ و مۆرکی شیعریاندا هەیە. بۆ نموونە هەر یەك لە (بابەتاهیر و مەولەوی) ناچنە ژێر چەتر و چوارچێوەی شیعری کلاسیکی کوردییەوە.
- ڕێبازێکی مێژوویی – وەسفیی لەمەڕ ژیان و بەرهەمی شیعری شاعیرەکان پەیڕەوکراوە. واتە، لە گۆشەنیگای میتۆد و ڕەخنەی ئەدەبییەوە بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی شاعیرەکان نەچووە.
- مێژووەکە زیاتر کۆکردنەوەی زانیارییە لەمەڕ ژیان و بەرهەمی ئەو شاعیرانە، کە بە زۆری لە دیوانە چاپکراوەکانیاندا بەدەستهاتوون، کە هەندێکیان تا ئێستاش ژیاننامەیان بە دروستی و بە تەواوی ساغ نەکراونەتەوە.
- کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی مامۆستا (سجادی) لە دوا شیکردنەوەدا، بریتییە لە کارێکی ئینسکلۆپیدیایی کەوا کۆمەڵێك زانست و زانیاری لە بوارەکانی (مێژوو، جوگرافیا، زمان، ئەدەب، کلتوور)ی کوردیدا بەسەر یەکدا کەڵەکەکراوە و خراوەتەڕوو، بەمەش بەشێکی کتێبەکە بووەتە زانیاری و ڕۆشنبیری گشتی، بە بێ ڕەچاوکردنی میتۆدێکی دیار و زانستی و گونجاو لە تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبی کوردیدا.
- دیارە ئەم سەرنج و بۆچوونانەی سەرەوە بەسەر هەموو ئەو کتێب و بەرهەمانەدا تەتبیقدەبێت کە لە ماوەی پەنجا ساڵی دواتردا و لەژێر ناونیشانی مێژووی ئەدەبی کوردیدا چاپ و بڵاوبوونەتەوە، لە نموونەی (مێژووی وێژەی کوردی)ی سیدق بۆرەکەیی، (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی دکتۆر مارف خەزنەدار، (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دەبێت بگوترێت کەوا ئەم بەرهەمانە شاکاری ڕۆشنبیری کوردین و دنیایەك لە سامان و زەخیرەی چاك و نایابیان لەمەڕ مێژووی ئەدەبی کوردیدا گرتووەتەخۆ، کە ناتوانرێت هەرگیز دەستبەرداریان بین، چونکە بناغەیەکیان داڕشتووە کە دەشێت بە شێوەیەکی زانستی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و مێژووی ئەدەبی کوردیمانی بە شێوەیەکی دروست و گونجاو لەسەریان بنیاتبنرێت. بەڵام ناشێت چاو لەو ڕاستییەش بپۆشین کە هەموو ئەم بەرهەمانە لە هەڵبژاردنی ڕێبازی گونجاو و زانستی بە مەبەستی نووسینەوە و تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبی کوردیماندا، سەرکەوتوو نەبوون.

## تەوەری سێیەم

## میتۆدی زانستی و دروست و گونجاو

## بۆ نووسینەوە و تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبی کوردی

ئەدەبی کوردی نووسراو لە پێشینە و مێژووی هەزار ساڵەی خۆیدا، لە چەند قۆناغ و قوتابخانەی جیاوازی دوور لە یەك و دابڕاو پێکهاتووە. هەر قۆناغێك وەکو دورگەیەکی دوور و لێك دابڕاو لە باری مێژوویی و جوگرافی و دیالێکت و زمانی شیعری تایبەتمەندی ئەدەبی و هونەرییەوە، لە زەمین و زەمانێکی تایبەتدا پەیدابووە و سەری هەڵداوە. ئەم قۆناغ و قوتابخانە ئەدەبییانە ئەگەرچی دوور و لێك دابڕاو و هیچ یەکێکیان لەسەر بناغە و وەکو درێژەپێدەری قۆناغ و قوتابخانەکەی پێش خۆی دانەمەزراوە، بەڵام بە هەموویان ئەڵقەکانی مێژووی ئەدەبیی یەك گەل و نەتەوە پێکدەهێنن، کە ئەویش مێژووی ئەدەبیی نەتەوەی کوردە لە کۆنەوە بگرە تا بەڕۆژگاری ئەمڕۆمان ڕادەگات.

لێرەدا ئێمە بە گوێرەی خوێندنەوەمان بۆ سروشتی سەرهەڵدان و گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ئەدەبی کوردی، کە شیعر پشکی هەرە زۆرەکەیەتی، بە گوێرەی ڕەوتی مێژوویی زەمانە، مێژووی ئەدەبی کوردیمان بەم شێوەیە قۆناغبەندی دەکەین:

1. **قۆناغی ئەدەبی کۆنی کوردی:** ئەمە قۆناغی یەکەم و دەستپێکی ئەدەبی کوردییە کەوا مۆرکێکی بێگەرد و خۆماڵی و ڕەسەنی هەبووە و لە کاریگەرییەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری و شارستانییەتی (عەرەبی و ئیسلامی) بەدوور بووە. ئەم قۆناغە لە دوو لق پێکدێت:

أ- **قوتابخانەی ئەدەبیاتی کوردیی باشوور (لەکی و لوڕی و کەلهوڕی)**، کە لە کۆتاییەکانی هەزارەی یەکەمی زاینییەوە دەستپێدەکات. نموونەی بەرچاوی ئەم قوتابخانەیە، بریتییە لە دوو بەیتییەکانی بابە تاهیر و پور فەرەیدون و خەڵکانی تر.

ب- **قوتابخانەی ئەدەبیاتی یارسان و گۆران**، کە دیارترین دەرکەوتەیان لە سروودەکانی ئایینی یارسانەوە خۆی دەنوێنێت لە نموونەی (کەلامی یارسان و کتێبی سەرەنجام)، لە سەدەی دوانزەهەمی زاینی تۆمارکراون، لە دوای ئەویش شاعیرانی کوردی ناوچەی گۆران زەمین لە (مەلا پەرێشان)ەوە بیگرە لە سەدەی سیانزە ز چاوردەی زاینییەوە تا بە (ڕەنجووری) و (شاعیرانی هەورامان)یش ڕادەگات.

2. **قۆناغی ئەدەبیاتی کلاسیکیی کوردی:** ئەم قۆناغە لە ناوەڕاستی سەدەی شانزەهەمەوە و لەژێر تاوی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و شارستانییەتی عەرەبی و ئیسلامییەوە سەری هەڵداوە. (مەبەست لە کاریگەری ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی و تورکییە). ئەم قۆناغە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دوو دەورەی بەخۆیەوە بینیوە:

أ- **قوتابخانەی ئەدەبی کرمانجی (کوردی باکوور)**، لە (مەلای جزیری)یەوە دەستپێدەکات بۆ (خانی، پرتەو بەگی هەکاری، ئیسماعیل بایەزیدی... تاد)، واتە لە (١٦٠٠)ی زاینییەوە تاوەکو سەرەتاکانی سەدەی بیست درێژەی هەبووە.

ب- **قۆناغی ئەدەبی بابانی (کوردی ناوەڕاست)**، لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستپێدەکات تاوەکو دەستپێکی سەدەی بیست. (نالی، سالم، کوردی، نەفعی، مەلا وەسمان... تاد) بەرەی یەکەم و پێشەنگی شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە پێکدەهێنن.

3. **قوتابخانەی ئەدەبیاتی نوێی کوردی:** ئەمەشیان بریتییە لە دوو شەپۆلی نوچگەری لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەم شێوەیە:

أ- شەپۆلی یەکەمی نوێگەری، لە سەرەتای سەدەی بیستەم و لە ئەستەمۆڵ دوابەدوای جوڵانەوەی نوێگەری لە ئەدەبی تورکیدا سەری هەڵداوە، بەرەی یەکەمی شاعیرانی پێشەنگی نوێگەری بریتین لە (عبدالحیم ڕەحمی هەکاری، قازی زادە مستەفا شەوقی، پیرەمێرد و خەلیل خەیاڵی).

ب- شەپۆلی دووەمی نوێگەری، لە باشووری کوردستان و لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، ئەویش هەر بە پێڕەوی لە ئەدەبیاتی نوێی تورکی، لەسەر دەستی بەرەی دووەمی نوێگەری لە باشووری کوردستان لە وێنەی (شێخ نووری شێخ ساڵح و ڕەشید نەجیب و پیرەمێرد و عبدالرحمن بەگی نفوس و گۆران)دا چەکەریکردووە و تاوەکو چارەگی سێیەمی سەدەی بیستی درێژە دەکێشێت.

4. **قۆناغی ئەدەبییاتی هاوچەرخی کوردی:** ئەمە قۆناغی نوێگەری دووەم لە ئەدەبیاتی کوردیدا و هاوشانی بزووتنەوەی نوێگەری لە ئەدەبیاتی گەلانی ناوچەکە بە تایبەت (ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی) لە چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، دەستپێدەکات. گرنگترین سیما و دەرکەوتەی ئەم قۆناغە ئەدەبییە خۆی لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی (بزووتنەوەی روانگە – ١٩٧٠)دا دەبینێتەوە.

5. **قۆناغی ئەدەبیاتی کوردی سەردەم:** دوابەدوای گۆڕانکارییە گرنگەکانی جیهان (هەرەسهێنانی بلۆکی شوورەوی) لەلایەك و ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١ز) و کرانەوەی دەرگاکانی ئەوروپا بە ڕووی خەڵکی کوردستاندا لە لایەکی دیکەوە، ئینجا چەکەرەکردن و هاتنەناوەوەی شەپۆلە ئەدەبییەکانی سەر بە ڕێبازی پۆست مۆدێرنیزم، لە وێنەی سیمبولیزم و سوریالیزم و دادابیزم و ناتورالیزم... ، ئەدەبیاتی کوردی لە دوو قۆڵەوە پێ دەنێتەوە قۆناغێکی تازەوە کەوا خۆی لەو تەوژم و شەپۆلە ئەدەبییە نوێخوازانەدا دەبینێتەوە کەوا لە دەڤەرەکانی سۆران و بادیناندا هاتوونەتە ئاراوە، بەم شێوەیە:

أ- **قۆڵی یەکەم:** بریتییە لەو شەپۆلە ئەدەبییە نوێباو و نوێخوازانەی لە دەڤەری سۆراندا پەیدابوون، لە وێنەی شەپۆلە ئەدەبییەکانی (تەڵیعییەکان، پرۆژە، وێران، زناك، بزووتنەوەی ئەدەبی تەغریبی).

ب- **قۆڵی دووەم:** شەپۆلە ئەدەبییە نوێخوازەکانی بادینان دەگرێتە خۆی لە وێنەی (گرووپی نوێخوازی ئاکرێ، بزوتنەوەی نوێخوازی گۆڤاری پەیڤ، بزووتنەوەی ئەدەبی هەروەهەر نوێکرن... تاد).

ئەم پێڕەو و دابەشکردنەی لەم تەوەرەدا خستوومانەتەڕوو بیر و بۆچوون و پێشنیازی ئێمەیە لە شێوەی نەخشە ڕێگایەك بۆ ڕێباز و میتۆدی قۆناغبەندی و قوتابخانەکانی ئەدەبی کوردی لە ڕووی مێژووییەوە لە ڕەوتی پەرەسەندن و پێشکەوتنیدا خراوەتەڕوو، کەوا لە پێشینەی دێرین و

مێژوویی و سروشتی ئەدەبیاتی کوردی خۆیەوە هەڵهێنجراوە و ئێمە لە ڕووی زانستی و واقیعی مێژووییەوە بە ڕاست و دروست و گونجاوترین ڕێباز و میتۆدی دەزانین.

## ئەنجام و ڕاسپاردەکان

1. مێژوونووسیی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك ڕێباز و میتۆدی جیاوازی هەیە و بۆ هەر گەل و نەتەوەیەك ڕێباز و میتۆدی تایبەتی خۆی هەیە بۆ نووسین و تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبیاتەکەی، هەڵبەتە مەسەلەی مێژوونووسیی ئەدەبی کوردیش پێویستی بە ڕێباز و میتۆدێکی تایبەت هەیە کەوا لەگەڵ سروشت و کرۆکی گەشەسەندنی ئەدەبەکەیدا بگونجێت.
2. ئەو هەوڵانەی تاوەکو ئەمڕۆ بە مەبەستی مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی خراونەتەڕوو بە هەوڵە ناودارەکەی مامۆستا (سجادی)یشەوە، بە ڕێچکە و ڕێبازێکی گونجاو و زانستی و دروستدا نەڕۆیشتوون، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی کۆششی گرنگ و بایەخدارن.
3. پێویستە هەوڵەکانی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی دروست و گونجاو و زانستی ئەوتۆ بێت کە ڕەنگدانەوەی سروشتی پەیدابوون و پەرەسەندنی ئەدەبەکە خۆی بێت. لەم ڕووەوە ئێمە دابەشبوونی مێژوویی ئەدەبی کوردی بۆ چەند قۆناغ و قوتابخانەیەك بە دروست و گونجاو دەزانین کە لەم توێژینەوەیەدا خراوەتەڕوو.

## سەرچاوەکان

### أ- بە زمانی کوردی


1. باپیر ئاغا، عەلی کەمال، ١٩٣٩، گڵدەستەی شعرای هاوعصرم، سلێمانی.
2. حیلمی، ڕەفیق، ١٩٤١، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا.
3. خەزنەدار، مارف، (د.)، ٢٠٠١ – ٢٠٠٦، مێژووی ئەدەبی کوردی، ٧ بەرگ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
4. سجادی، عەلاءالدین، ١٩٧١، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.
5. فیضی بەگ، ئەمین، ١٩٨٣، ئەنجومەنی ئەدیبان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا.
6. هەکزی، عەبدولکەریم، ١٩٣٨، کۆمەڵە شیعری شاعیرانی کورد، سلێمانی.


### ب- بە زمانی عەرەبی


7. التكريتي، جميل نصيف، (د.)، ١٩٩٠، المذاهب الادبية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
8. ضيف، شوقي، (د.)، 1960، الفن و مذاهبه في الشعر العربي، دار المعارف، ط9، القاهرة.
9. ضيف، شوقي، (د.)، 1980، الفن و مذاهبه في النثر العربي، دار المعارف، ط5، القاهرة.
10. عدد من البحثين السوفييت، 1980، نظرية الادب، ترجمة: د. جميل نصيف التكريتي، وزارة الثقافة، بغداد.
11. الفاخوري، حنا، ١٩٥٣، تاريخ الادب العربي، بيروت، لبنان.
12. موازان، كليمان، 2010، ما التاريخ الادبي؟، ترجمة: د. حسن الطالب، دار الكتاب الجديد، بنغازي.

## ملخص البحث

## الاستاذ (علاءالدين سجّادى) و مذهبه في كتابة التأريخ الادبي

تعّد مسألة كتابة و تدوين التأريخ الادبي لدى الشعوب و القوميات، مسألة خاصة و مميزة بذلك الشعب و القومية، عكس المذاهب النقدية و النظرية الادبية، التي تمتلك كل منها سمات و أسس عامّة و موحدة لدى جميع الشعوب و الأمم و في كافة أنحاء المعمورة.

هنالك طرق و مناهج مختفة و عامّة تتبع في كتابة و تدوين التأريخ الادبي وبما يلائم مسيرة نمو و تطور الفنون الادبية لدى تلك الشعوب و الامم. وتبعا لذلك يتحتم على الكتّاب و مؤرخي الادب الكوردي مراعاة ذلك في محاولاتهم لكتابة و تدوين مسيرة انبثاق و تطور الادب الكوردي بحسب المراحل التأريخية المتعاقبة و المدارس و الاتجاهات الادبية و الفنية.

تهدف الدراسة الى مناقشة و نقد المحاولات السابقة لكتابة تأريخ الادب الكوردي وصولاً الى ايجاد افضل الصيغ المناسبة لإنجاز تلك المهمة. وذلك عن طريق تصنيف الادب الكوردي الى مراحل و مدارس مختلفة تنبثق من طبيعة الادب الكوردي ذاته و مراحل تطوره المختلفة عبر مرور الزمان وفي مختلف مناطق كوردستان.